کتێبەکراوەکانی پاڵ ژنێکی درەنگخەوتوو... چنوور نامیق

ئەم هەڵەیە ئەمکوژێت و زیندووبوونەوەش دوبارە شتم ئەکا و
دواییم نایە
جگە لە تەریقەتی درکان چی تەریقەتێك مەزنترە لە دوبارەبونەوەی
روح
ئەم هەڵەیە مەستم ئەکا و زوو ناگەمە جێگای ونبوون
بەشەرەفی سزانییە جوانەکان سوێند بێ
متمانە نیە لەم وەرزە پووچانەی تێ
لێرە درکان جوانترین گرەو
لەسەر مانی ئەرخەوانەکان ئەکەن و
پایز لە نێرە رێینی گوڵان جێدەمێنێ
بێ ئازیزن شەوانی دیار خەمە بێ هەوارەکانی روحی من
بەدیار رمانی عەشقەوە
نزای سەد ساڵ پێکەوبوونمان بەتاڵییە..
پوچن هەورە خەمەکانی چاو
کە ئەژنە ناو دەستی هەوەسی پیاوێك
ڕمانسیەتی چاوانم بەتاڵ ئەبێتەوە لە پاکی.
مەهزەلەیە عاشقبوون بە لەحزە هەوەسبازەکانی پیاوێکی نەشارەزا
بەکتێبە کراوەکانی سەر سینگی ژنێکی درەنگخەوتوو…

ئەم هەڵەیە ئەمکوژێت و دووبارە ئەمداتەوە دەستی مەرگ
چەن زیرەکانە ئەپەیقی کاتێ رژانی جوانی من رائەماڵی و
تف لەرووی ئەوینم ئەکەی
بەشەرەفی پاکی سزانییە جوانەکان سوێند بێ
متمانەم نییە بەعەشق
لێرە پایز هەروەکو من لەنێرە رێینی گوڵان جێدەمێنێ
پوچن ئەو دەردە دڵانەی
لەناو دەستە هەوەسبازەکانی پیاوێك
ئەکوژنەوە و
ڕژم لێ ئەکەنەوە شەو
لە ناچاری نیگای پاکی سزانییەك
بێ ئازیزن شەوانی دیار خەمە بێ هەوارەکانی روحی من
لێرە بێ

.……
2018-2-26
am 12